www.kurdistannet.org
12/07/2003 19:58

# باكورديش بەرژەوەندیەكانی خۆی بپارێزی

ئەحمەد دەشتی

لە مێژە گەلی كورد لە ژێر دەستی داگیركەرانی كوردستان دایەو لە ناو ماڵ و ژیانی خۆی دا بەو پەری دڕندەیی كە بەزۆری زۆرداری ساڵەهای ساڵە بە سەریا داسەپاوە چەوساوەتەوەو بێبەش لە هەموو مافێكی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی كراوە، خاكی كوردستانی ڕەنگین كە شوێنێكی تا بڵێی گرنگ و پر لە نەوت و كانە و لە ناوچەیەكی گرنگی جیهان دا دەژمێردرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو هەموو دەریا نەوتیانەی كە لە ژێر زەوی ئەم كوردستانە رەنگینەدا هەیە، بە تایبەتی لەو كاتەوە كە كانە نەوتیەكان لە كوردستان و لەو ناوچەیەدادۆزراونەتەوە، ئەوازل هێزەكانی جیهان چاوی تەماعیان بڕیوەتە ئەم سەر زەمینە و حسابێكی تایبەتیان هەمیشە لەلایەن خۆیانەوەبۆكردووە، خاكی ڕەنگینی گەلی كورد كەدەكەوێتە ناوچەیەكی پڕ لە زێڕی ڕەشە كە ئەمەش بۆ خۆی گرنگیەكی تایبەتی ئابووری لە جیهان دا هەیە و هەر بۆیەشە كە كوردستان لەو ناوچەیەدا بەشوێنێكی پر لە بگرەو بەردەی ئابووری جیهانیانەوە بەسراوەتەوەو بوەتە هێمای زلهێزەكانی جیهان و چاو تێبڕینیان لەم ڕووەوە، جگە لەوەش كەماوەیكی زۆرە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین بووەتە لانەی گەلێ لە خەراپكاران و ئەوانەی كە ژیانی جیهانیانیان خستۆتە خەتەرەوە، بە تایبەتی دوای روداوە شومەكەی ئەیلول لە وەلاتە یەك گرتوەكان و ئەو كارەساتە گەورەیەی كە جیهانی تەكاند و بوو بە هۆی وریا بونەوەو خۆ ئامادە كردنی زلهێزێكی وەك ئەمەریكا بۆ لێدانی تەواوی ئەو وەلاتانەی كە بە باوەڕی خودی ئەمەریكا بوونەتە لانەی ترۆریستەكان و خەراپكاران، هەر لە مێژیشە كە ئەوان سەدامیان و ڕژێمەكەیان بە ئاغای ترۆریستان داناوەو جا بۆ لێدان و روخاندنی ئەو ڕژێمە بۆگەنە هاتنە مەیدان و ئەوەی كردیان كردیان و ڕژێمی سەدامیان ڕوخاندو بەمەش هەلێكی باشیان بۆ هەلكەوت، كە بتوانن لەم ناوچەیەدا دابمەزرین، ئەم ناوچەیەی كەكوردستانیش دەگرێتەوە و وەك زۆربەی ناوچەكانی ڕۆژهەلاتی ناوین بە هۆی ئەو هەموو كانگا نەوتیانەی كە لە كوردستان هەن و لەو خاكە رەنگینەی كوردستان هەلدەقولێت و هەیەو لە مێژیشە كە داگیركەرانی كوردستان بە كەیفی خۆیان سەروەت و سامانی ئەم گەلە كوردە ساڵەهای ساڵە بە تالان دەبەن و زۆر لە مێژە كە گەلی كورد جگە لەوەی كە بێبەشە لە بەرو بوومی هەموو خاكە شیرینەكەی خۆی و بە هەزاران هەزارانییشمان لێ شەهید و زیندە بە چاڵ كراوەو زوڵم و زۆردایەكی زۆر دڕندانە بە سەر گەلی كورد داسەپێندراوەو هەر لەوساتەشەوە كە هەستی نەتەوایەتی لە جیهان دا هاتۆتە كایەوە، ئەوا گەلی كوردیش وەك هەموو میللەتانی سەر ڕووی ئەم زەمینـە لە هەوڵ و خەبات و ڕاپەڕینی دا لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی خۆی كەم تەرخەمی نەكردووەو بەرامبەر داگیركەرانی كوردستان لە شۆڕش و بزاڤ نەتەوایەتی نەوەستاوەو بە هەزاران هەزار قوربانی داوە، لە گەل ئەوەش دا هەمیشە بزوتنەوی ئازادیخوازی لێ كپ كراوەو كارەسات و ڕەنج و ئازاریان بە سەر ئەم گەلە كوردە داهێناوەو ئاوارەو دەربەدەر كراوەوەو بە هەزاران هەزارانمان لە سەر زەوی باب و باپیرانی خۆمان دا بە زۆری زۆر داری دوور خراینەوەو ڕەتێندراوین، تەواوی جیهانیانیش چاویان لەو هەموو جنایەتانە نوقاندوە و بێ دەنگ بووینە، خۆ شتێكی ڕوونیشە كە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی كورد لەسەر ئەم خاكە بە پیت و فەڕەی كوردستانی خۆی دا كارێكی ئەوەندە ئاسان و سادە نەبووە تا گەلی كورد بە ئاوات و ئامانجەكانی خۆی بگات و توانی بێت كە بزوتنەوەی ئازادیخوازی خۆی بەرەو سەركەوتن ببات، ئەگەر ئاورێك لە دیرۆكی بە سەر هات و ژیانی گەلی كورد بدەینەوە زۆر چاك ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە چۆن هەموو شۆڕشەكانی ئازادیخوازی گەلی كورد بە ئاوات نەگەیشتووەو گەلی كورد لە جیهان دا بێ دۆست و یارمەتیدان ماوەتەوەو هەمیشە لە پشتەوە ڕا خەنجەرێكی ژەهراویان لە گەلی كورد داوەو كوردیان توش بە كارەسات و هەرەس هێنان كردووە، دێتەوە یادمان كە هەر لە ڕۆژگارنی ئێمە دا واتە لە ساڵی ١٩٧٥ دا ئەم زل هێزەی كە ئەمڕۆ وا هاتونەتە كوردستان و كە تەنیاش لە پێناوی بەرژەوەندیەكانی خۆیان دا هاتوون، كە وا بە تەمان خۆیان لەو ناوچەیەدا بە تەواوی دابین بكەن و بۆ ساڵەهای ساڵ بمێننەوە و ئامانجەكانی خۆیان بپێكن، وا دەشبینین مە خەریكیشن جێ پێی خۆیان بە تایبەتی لە ناو خەلكی كورد دا دەكەنەوەو كوردیش هەتا ئەمڕۆ ڕێزی لێناون و گولبارانیان دەكەن ئەمەش بە هۆی بینینی ئەم هەموو زوڵم و زۆرداریەی كە زۆر نامرۆپانە لە لایەن داگیركەرانی كوردستان بە سەرمان دا سەپاوە، دەبینین لەوساوەی كە ئەمەریكیەكان و ئینگلیزەكان هاتوونەتە ناو خاكی كوردستان كەمتر گیرو گرفتیان لە لایەن گەلی كوردەوە بۆ دروست كراوە، كە ئەمەش هێمایەكی دۆستایەتی گەلی كوردە لە گەل ئەو زلهێزانە و بە درۆ خستنەوەی هەموو پڕو پاگەندەكانی داگیر كەرانە كە

هەمیشە دژ بە گەلی کورد سالەهای سالە دەیکەن، گەلی کورد کە هەرگیز شەڕخواز نەبووەو قەتیش پەلاماری هیچ کەسێکی نەداوەو هەمیشە قوربانی دەستی داگیرکەرانی ترۆریست بووەو دەستی بۆ هەموو کەسێ درێژ کردووە کە یارمەتی دابێت، ئەمرۆش پێم وایە ئەم هاتنەی ئەمەریکاییەکان بە سودی گەلی کورد تەواودەبێت ئەوان واتە ئەمەریکیەکان تازە بۆ ماوەیەکی دور و درێژ لەو ناوچەیە دا بە تایبەتی لە کوردستان دا دادەمەزرێن و ئەمەش بۆ وەدی هێنانی ئەمانجەکانی خۆیانەو بەس، خۆ مانەوەشیان کە سودێکی گەلی کوردی تیایە هیچ نەبێت لەو داگیرکەرە دڕندانەی کە تالانیشیان دەکردوین و بە هەزاران هەزارانیشیان لێ کوشتوین و بە سدان کارەساتیات وەسەر هێناوین، هیچ نەبێ وا وا ئەمەریکیەکان دەمان پارێزن و ئەم پاراستنەش پشتیوانی لە گەلی کورد کردنەو با مانەوەشیان بۆ سودی خۆیان بێت، خۆ سودی گەلی کوریشی بە تێکراپی تیایەو خۆ رزگاریمان دەبێت لە چنگی ئەوانەی کە مالیشیان داگیر کردبووین و بە سەدان هەزارانیشیان لێ زیندە بە چال دەکردین و لە ناو مال و حالی خۆمان دا دەیان ڕەتاندین، پێم وایە کە ئەوان واتە ئەمریکیەکان سەرکەوتوانە لە کوردستان دەمێننەوەو کوردیش دەپارێزری و هەر بۆیەشە کە کورد دکاریێ هاوکاری ئەوان بێت و بەرژەوەندی کوردیش وەك ئەوان لە کوردستانی خۆی دا بپارێزرێت و هیچ نەبێ کەمێکمان لەو سەروەت و سامانەی کە تا دوێنێ بۆ ئەوانە بوو کە دەشیان کوشتین و مالیشیان لێ دەرماندین چاکترن، ئەوان کەهاتونەتە ئەم ناوچەیە گرنگەو پر لە پیت و فەڕەو ڕژێمێکی خوێن ڕێژی وەك سەدامی دکتاتۆر و مرۆ کوژیان لە ناو برد، پێم وایە کە کارێکی زۆر زۆر مەزنیان بۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی ئەنجام داوە، بە تایبەتی کە لە دکتاتۆرێکی ئاوا دڕندە ڕزگاریمان بوو و داگیرکەرێکی وەك تورکیش ترۆ کراو ئەو ترس و هەرو گیفەی لە گەلی کوردی دەکرد هەمووی پوچ کرایەوەو ئەو قەلایە ترسە ڕمێندرا، سەدام و هەموو داگیر کەرانی کوردستان لەوەتی کە بە سەر زەوی ئەم کوردستانە ڕەنگینەمان دا زال بووینە بە هەموو شێوەیەکەوە دژی گەلی کورد هەولیان داوەو کاری سەرەکیشیان لە ناو بردن و سوك کردن و پرو پاگەندەو ناوو ناتۆرەی ناڕەوایانەیان بە رامبەر بەگەلی کوردبووە، کە لەناو جیهان دا تا ڕادەیەك توانیویانە کە سیمای کوردو کوردستان بە شێوەیەکی نالەبارو زشت و درۆزنانە بگۆڕن و هەرچی خراپەو خراپەکاری کە هەیەو پیشەی خۆیانە بەسەر گەلی کوردیان دا سەپاندووەو لە ناو ئەم جیهانەدا ئەوەی کەلە دەستیان هاتبێ دژ بەم گەلە هەژارو بێبەش لە ژیانی سەربەخۆیی خۆی و ئازادی و ڕەهایی بە درۆ دروستیان کردووەو وایان لە جیهانیان گەیاندووە کە گەلی کورد دڕندەو خرا پ و جەردەو ڕێگرین و سەدان ناوو ناتۆرەی تریان بە درۆ کە تەنیا سوکایەتی کردن بە هەموو پیرۆزیەکانی ئەم گەلە کوردە بووەو بە جیهانیانیان ڕاگەیاندووەو سیمای ڕاستقینەی گەلی کوردیان گۆڕیوەو بە خراپەکاری نیشانیان داوە، داگیرکەرانی کوردستان لە هەر چوار لاوە کە دەستیان ڕۆییوە هیچ درێغیەکیان دژ بە گەلی کورد نەکردووە، دەشبینین کە گەلی کورد لە سەرتا سەری مێژووی دا چۆن ڕەتێندراوەو چۆن مالی لێ وێران و داگیر کراوەو خاکی خاپوور و هەتا ئەمرۆکەش داگیرکەران هەر بەو چاوە سوکەوە دەڕواننە کوردستان و جگە لەوەی کە سەروەت و سامانی ئەم گەلەیان تالان و دزیوەو کەلتوری فەرهەنگیشیان لێ زەوت کردووین، بە هەزاران هەزارانیشیان لە ناو بردووین تەنیا لە بەر ئەوەی کە کوردین و بەس، داگیرکەرانی کوردستان تەنانەت دانیان بە کەمترین مافە ڕەواکانی ئەم گەلە کوردە تا ئەمرۆکەش نەهێناوە و لە بەر چاوی هەموو جیهانیان دا هەموو جنایەتێکیان بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجام داوەو کەسێکیش لەم جیهانەدا لە سەر ئەم گەلە کوردە هەلینەداوەتێ و وا دەزانن کە کورد بۆ ئەوە هەن کە دەبێ هەر ژێر دەستە بن و بچەوسێنەوە، ئێستاش لەم هەل و مەرجەی ئەمرۆ دا دەبینین داگیرکەری تورك و نەیارانی کوردستان لە وەلاتانی ئارەبیش و جیهانیش دا چۆن دژ بە گەلی کورد لە سەنگەر دان و لە پیلانگێڕان و کاری ناڕەوا و دژ بە گەلی کورد نەوەستاون و هەنگاو داوێن.

دەبێ کە گەلی کورد لەم هەل و مەرجەی ئەمرۆدا لە هەموو سات و کاتێ زیاتر وریابێت وکارێ بکەین کە ئەمجارەش نەکەوینەوە داوو بەندی داگیرکەرانی کوردستانەوەو ئێمەش بەرژەوەندیەکانی خۆمان بپارێزین، ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمرۆمان بە گیانی پاکی و دلسۆزی و یەکگرتن و خۆ بەخت کردن لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد لە هەموو ڕویەکەوە بەو پەری زانایی و لێ هاتوویی و هەستی پاکی نیشتمانپەروەری بەرەو سەرکەوتن ببەین، دەبێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان بین تەنیا بۆ کوردو کوردستان بیر بکەینەوە، دەبێ دژایەتی یەکتر کردن و پرو پوچی بەرامبەر یەکتر گوتن و کارە ناڕەواکان دژ بە یەکتر توڕ بدەین و کوردستانمان لە هەموو هەست و بیرو شتێك لا مەزن تر بێت و لە پیلان و دەست تێوەردان و هەولی نۆکەران و دل ڕەشانی دژ بە کوردو کوردستان هەتا بلێی وریا بین و دۆست و دوژمنانی خۆمان زۆر چاك بناسین و ئالا شەکاوەکەی ئەمرۆی کوردستان کە ڕوو لە حەواوەیە بەرز تر بکەینەوەو

www.kurdistannet.org

کڕنوش بۆ ئەم ئالایە ڕەنگین وپیرۆزە بەرین و لە هەموو شتێکمان خۆشەویستری دابنێین و قسە پڕو پوچەکانی ئەوانەی کە نەخۆشن و دەیانەوێ لە ئاوی شێلو دا مەلە بکەن هەمیشە توڕ بدەین و نەفرین لە داگیرکەران و هەموو دوژمنانی کوردو کوردستان و نۆکەرانیان بکەین، دەبێ ئەوە چاك بزانین کە ئەوانەی وا ئەمڕۆکە هاتۆنەتە کوردستان تەنیا بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان هاتوون بەلام بونیان لە کوردستان دا پێم وایە کە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردیشی تێدایە ئیتر بە بەند و بالۆرەی خەلکانی دژ بەکوردو کوردستان هەل نەپەڕین و بەو پەڕی وریایی و ژیری و پەند وەرگرتن لە ڕابوردووە تالەکانمان کارێ نەکەین کە پەشیمانی لە دوا بێت ودەبێ هاوکاری هەموو ئەوانە بین کە ئەمڕۆ هۆکارن بۆ سەرخستنی ئەم هەلە پیرۆزەو هەرگیز کارێ نەکەین کە ئەم هەلە لە دەست بدەین وببینە هۆکاری دابەزینەوەی ئالا شەکاوەکەی کوردستان کە ئەمڕۆ بە کوێرایی چاوی نەیاران لە بەرزایی ئاسمان دا دەشەکێتەوە، دەبێ ئێمەش تەواوی بەرژەوەندیەکانی کوردو کوردستان بپارێزین و زۆر دلسۆزانە وریای تێکدەران و پیاو خەراپانی سەر بە داگیرکەرانی کوردستان بین و نەیەلین کە جارێکی تر نەیارانی کورد جێ پێی خۆیان بکەنەوەو سەر هەل بدەنەوەو دیسانەکە تۆشمان بە هەرەس و کارەساتە ترسناکەکانمان بکەنەوە، کارێ بکەین کە کورد ببێ بە خاوەنی خۆی و کوردستان بۆ هەمیشە سەر بەخۆ و ڕزگار بکەین و خۆمان لە زۆر بەندو بالۆرەو ناڕاستیەکانی ئەملاو ئەولاو ڕابوردووەکانی هۆکارەکانی شکەستەکانمان ڕزگار بکەین و ئێمەش بەرژەوەندی کوردو کوردستان بە هیچ شتێ نەگۆڕینەوە و لە گوفتارو هەنگاوو تێڕامانەکانمان هەتا بلێی وریاو سەربەرز بین و ڕزگاری کوردستان بە ئامانجەکانی دوو ڕو نەزیکمان بزانین.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت